**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٥٨٤٥ لە ٢٠٢٥/٥/٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩، و دوا بەدوای رێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ ی تایبەت بە پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە هەمواركراو بەبەیانمان ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢١ و هەردوو رێنمایمان ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢٤ و (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٤ و ئاماژە بە نووسراوی نووسینگەی سەرۆک وەزیران ژمارە (١٢٥٥) لە ٢٠٢٤/٧/١٠ و كۆنووسی كۆبوونەوەی نێوان وەزارەتمان و دەستەی وەبەرهێنان و لایەنە پەیوەندیدارەكان و ، بڕیارماندا بە: دەرچواندنی ئەم رێنماییە هەمواریە:

**رێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هەمواری چوارەمی رێنمایی پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە**
**لە هەرێمی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی یەكەم:**

هەمواركردنەوەی بڕگەی (١٩) لە ماددەی یەكەم لە رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ی وەزارەتمان و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

( **١٩- كارتی نشینگە:** ئەو كارتەیە كە ماوەكەی لە (٦) شەش مانگ كەمتر نییە و لە (٥) پێنج ساڵ زیاتر نییە بە كەسی بیانی دەدرێت و مافی مانەوەی دەبێت لە هەرێم.).

**ماددەی دووەم:**

زیادكردنی بڕگەی سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (چواردەیەم) لەرێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ی وەزارەتمان و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

**سێیەم:**

١- پێدانی نشینگەی وەبەرهێن بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ تا (٥) پێنج ساڵ بە كەسی بیانی (خۆی و هاوسەر ومنداڵی خوار هەژدە ساڵ و دایک و باوک) بە پشتگیری دەستەی وەبەرهێنان كە بیسەلمێنێت كە ناوبراو (وەبەرهێن)ـە.

٢- لەدوای كۆتایی هاتنی ماوەی نشینگەی بڕگەی (١)ی سەرەوە، بۆ هەمان ماوە درێژ دەكرێتەوە بەهەمان رێكاری بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە

**چوارەم:**

١- پێدانی (نشینگەی كار) بۆ ئەوانەی كە داوای نشینگە دەكەن بۆ ماوەی (زیاتر لە ساڵێک تا سێ ساڵ) بۆ كەسی بیانی (خۆی و هاوسەر ومنداڵی خوار هەژدە ساڵ و دایک و باوک) لە كاتی كڕینی یەكەیەكی نیشتەجێ بوون لە پڕۆژەكانی وەبەرهێنان لە هەرێمی كوردستان بەو مەرجەی كەنرخی یەكەكە لە (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دۆلاری ئەمەریكی كەمترنەبێت بە پشتگیری دەستەی وەبەرهێنان.

٢- لەدوای کۆتایی هاتنی ماوەی نشینگەی بڕگەی (١)ی سەرەوە، بۆ هەمان ماوە درێژ دەکرێتەوە بە هەمان ڕێکاری بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیە بە پشتگیری دەستەی وەبەرهێنان و  بە سپۆنسەری یەکەکەی تا ئەوکاتەی خاوەنداریەتی دەکات.

**پێنجەم:**

رسوماتی نشینگە وەردەگیرێت بۆ ماوەکانی هاتوو لە بڕگەی سێیەم  و چوارەمی ئەم ماددەیە بەپێی خشتەی پاشکۆی ڕێنمایی سەرەوە بۆ هەر ساڵێک .

**ماددەی سێیەم:**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**